نێچیرڤان بارزانی و محەمەد ئەلحەسسان، پەیوەندییەکانی هەوڵەر و بەغدایان تاوتوێ کرد

بەیانیی ئەمڕۆ دووشەممە 10ـی تشرینی دووەمی 2025، لە ڕاگەیەندراوێکدا سەرۆکایەتی هەرێم ڕایگەیاند، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دیدارێکدا لەگەڵ محەمەد ئەلحەسسان، نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەخی گشتیی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەیوەندییەکانی هەوڵەر و بەغدایان تاوتوێ کرد.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە؛ هەردوولا جەختیان لەسەر گرنگیی هەڵبژاردن و بەڵێنەچوونی پرۆسەیەکی بڕگەردی دەنگدان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی کردەوە. هەروەها هیوایان خواست هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی، لە هەموو ڕوویەکەوە عێراق و هەرێمی کوردستان ببەنەڵە قۆناغێکی باشترەوە.

هەروەها هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەوڵەر - بەغدا لەڕێگەی دیالۆگ و لێکگەیشتنەوە، هەروەها داکۆکییان لە پاراستنی ئارامی و سەقامگیری لە عێراق کردەوە.

دوایین پشهاتەکانی دخی ناوچەکە بەگشتی، تەوەرکی دیکەی دیدارەکە بوو.